ئاسایشی نیشتیمانی چەند پۆلیسێکی حەواڵەکردنی گوماناوی پارە لە سێ پارێزگا ڕادەگەیەنێت

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراقی ئەمڕۆ سەشەممە، ڕایگەیاند کە پۆلیسکانی حەواڵەکردنی گوماناوی پارەی لەسێ پارێزگادا ڕاگرتووە.

دەزگاکە لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی بەردەوامە لە ڕاوەدوونانی چەتە ئەکخراوەکان ولەمیانەی ئەم کارەیدا تیمەکانمان لە پارێزگای ئینبار پاش بەدەستهێنانی زانیاری ورد توانیان 3 کەس دەستگیربکەن بەتۆمەتی فریودانی هاوڵاتیان، ئەویش بەهۆی کاراکردنی سیمکارتی هاووڵاتیان و کردنەوەی فەدەری ئەلکترۆنی بەناوهاوڵاتیانەوە وپاشانیش لەحەواڵەی دەرکی وناوخۆییدا بەکاریان دەهێنن و پارەی پێوەردەگرن.

وتیشی دەزگاکەمان لە پارێزگای موسێننا توانی کەسێک دەستگیربکات کە سیمکارت دەفرۆشێت بە کەسانێکی ئەگپێندراو کە 50 سیمکارتی پێبووەوکەسێکی دیکەش بە 120 سیمکارتەوە دەستگیرکراوە.

وتیشی تیمەکانمان لە پارێزگای بابل دەستیگرتووە بەسەر 228 سیمکارتی نایاسایی کە ئەم سیمکارتانە لەحەواڵەکردنی نایاساییدا بەکاردەهێنرێن.

وتیشی" سەرجەم دەستگیرکراوەکان ڕادەستی لایەنی دادوەری تایبەت کران.